# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

| ژمارە (٦١) | ٢٠٢٤ |

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

• ژمارە (٦١) • ٢٠٢٤ •



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر کەریم**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاوێژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. سالّح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شێخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەدزادە**



http;//gov.krd/ka

ISSN: 2520-4106

**هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

# توانای تێگەیشتنی دەق لای قوتابییانی زانکۆ

د.ڕێژنە سیف الدین حسن

زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر
کۆلیژی زمان-بەشی زمانی کوردی
rezhne.hasan@su,edu.krd

**پوختە:**

توێژینەوەکە بە ناونیشانی "توانای تێگەیشتنی دەق لای قوتابییانی زانکۆ"، قوتابییانی زانکۆی سەلاحەدین/کۆلیژی زمان/بەشی زمانی کوردی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢) بە نموونە وەرگیراون. بێگومان تێگەیشتن بنەمایەکی سەرەکی و ئامانجی سەرەکییە لە پرۆسەی خوێندنەوەدا. لە سەردەمی ئەمڕۆدا تێنەگەیشتن لە خوێندنەوە لە پرۆسەی خوێندندا گرفتی بەشێکی زۆری قوتابییانە، هەر ئەمەش یەکێک بوو لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوە. بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە پشت بە ڕێبازی وەسفیی شیکاری بەستراوە، ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی توانای تێگەیشتنی دەقە لای قوتابییانی زانکۆ و وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکە: ئایا توانای تێگەیشتنی دەق لای قوتابییانی زانکۆ/بەشی کوردی لە چ ئاستێکدایە؟ ئایا پەیوەندی لە نێوان خێرایی خوێندنەوە و توانای تێگەیشتندا هەیە؟ ئایا پەیوەندی لە نێوان ڕەگەز (نێر، مێ) و توانای تێگەیشتندا هەیە؟ لە ئەنجامدا دەرکەوت توانای تێگەیشتنی دەق لای قوتابییانی بەشی کوردیی کۆلێژی زمان لە ئاستێکی زۆر باشدایە و پەیوەندییەکی پێچەوانە لە نێوان خێرایی خوێندنەوە و توانای تێگەیشتندا هەیە، ڕەگەز کاریگەریی لە سەر توانای تێگەیشتن نییە، لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا چەند ئەنجامێک و لیستی سەرچاوەکان خراونەتە ڕوو.

کلیلەوشەکان: تێگەیشتن، خوێندنەوە، خێرایی خوێندنەوە، توانا

**پێشەکی**

**ناونیشانی توێژینەوەکە**

ناونیشـانی توێژینەوەکـە بریتییـە لـە "توانـای تێگەیشـتنی دەق لای قوتابییانـی زانکـۆ"، قوتابییانـی زانکـۆی سـەڵاحەدین/کۆلێژی زمان/بەشـی کـوردی بـە نموونـە وەرگیـراوە. توێژینەوەکـە لـە بـواری زمانەوانیـی دەروونییـە.

**گرنگیی توێژینەوەکە**

لـە سـەردەمی ئەمڕۆمانـدا پـەروەردە و فێرکـردن لایەنێـکی فـراوان و گـەورەی ژیـان پێـک دەهێنێـت، بـە جۆرێـک کـە لـە هەمـوو کۆمەڵگەکانـدا بـرەودان بـەم لایەنەیـە، بووەتـە خاڵـی بنەڕەتیـی پێشـکەوتن و شارسـتانیەت. گرنگیـی توێژینەوەکـە لـەوەدا خـۆی دەبینێتـەوە کـە تـا چەنـد زانکـۆ گرنگـی دەدات بـە کـرداری تێگەیشـتن لـە دەقـی خوێـنراوە لـە لایـەن قوتابـی، بـۆ ئـەوەی بتوانرێـت لـە داهاتـوودا گرنگیـی زیاتـر بـەم بـوارە بدرێـت.

**ئامانجی توێژینەوەکە**

ئامانجی ئەم توێژنەوەیە بریتییە لە:

- دەستنیشـانکردنی ئاسـتی تێگەیشـتنی دەق لای قوتابییانـی نموونـەی توێژینەوەکـە.
- دەستنیشـانکردنی ئاسـتی تێگەیشـتنی دەق لای قوتابییانـی نموونـەی توێژینەوەکـە بـە پێـی ڕەگـەز (نێـر، مـێ).
- دەستنیشـانکردنی پەیوەندیـی خێرایـی خوێندنـەوە بـە توانـای تێگەیشـتن.

**ڕێبازی توێژینەوەکە**

پشت بە ڕێبازی وەسفیی شیکاری بەستراوە.

**پرسیاری توێژینەوەکە**

ئـەم توێژینەوەیـە بـە مەبەسـتی گەیشـتن بـە وەڵامـی چەنـد پرسـیارێک ئەنجـام دراوە:

- ئایا ئاستی تێگەیشتنی دەق لای قوتابییانی زانکۆ چۆنە؟
- ئایـا ڕەگـەز (نێـر، مـێ) کاریگەریـی لـە سـەر توانـای تێگەشـتنی دەق و خێرایـی خوێندنـەوە هەیـە؟
- ئایا پەیوەنـدی لـە نێـوان توانـای تێگەیشـتنی دەق و خێرایـی خوێندنـەوە لای نموونـەی توێژینەوەکـە هەیـە؟

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێک دێت:

بـەشی یەکـەم: ئـەم ناونیشـانانە لەخـۆ دەگرێـت: پرۆسـەی خوێندنـەوە و تێگەیشـتن لـە خوێندنـەوە، میکانیزمـی پرۆسـەی تێگەیشـتن لـە مێشـکدا، ئاسـتەکانی تێگەیشـتنی دەق، ئـەو هۆکارانـەی کار دەکەنـە سـەر کـرداری تێگەیشـتن. بـەشی دووەم: تایبەتـە بـە لایەنـی مەیدانیـی توێژینەوەکـە و شـیکردنەوەی ئەنجامەکانـی توێژینەوەکـە. لـە کۆتایـی توێژینەوەکـەدا ئەنجامـی توێژینەوەکـە و لیسـتی سـەرچاوەکان خراونەتـە ڕوو.

**بەشی یەکەم**

**١-١. پرۆسەی خوێندنەوە و تێگەیشتن لە خوێندنەوە**

خوێندنـەوە بەشـێکی دانەبـڕاوە لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا، هۆکارێـکی کاریگـەرە لـە پرۆسـەی فێربـوون و فێرکردنـدا. لـە قۆناغـە جیاجیـاکانی مێـژوودا گرنگیـی خوێندنـەوە و کاریگەرییـەکانی دەبینرێـت کـە ڕێگایـەکی کاریگـەر بـووە بـۆ دەسـتکەوتنی زانیـاری و ئەزمـوون، پرۆسـەیەکی هاوبەشـە لـە نێـوان زانسـتە جیاجیاکانـدا، بۆیـە پسـپۆڕان و زانایـان گرنگییـەکی تایبەتیـان بـەم چەمکـە داوە، لـە ڕوانگـەی جیـاوازەوە لـە قۆناغـە جیاجیـاکانی مێـژوودا پێناسـەی جیـاوازی بـۆ کـراوە.

خوێندنـەوە بـەوە پێناسـە دەکرێـت: چالاکییەکـی هـزری و ئەقڵییـە، چەندیـن هـۆکار کاری تـێ دەکـەن سـەرەڕای لایـەنی دەروونیـی خوێنـەر یـان لایـەنی ژینگـە یـان بابـەتی خوێـنراو (مجـاور، ٢٠٠٠: ١٨٥)، واتـە پرۆسـەی کارلێکردنـە لـە نێـوان دوو جەمسـەردا (خوێنـەر و دەق)، لەگـەڵ بـوونی چەنـد هۆکارێـکی یارمەتیـدەر وەک ژینگـە و ئەزمـوونی خوێنـەر و باردۆخی دەروونی خوێنـەر و... هتـد. خوێندنـەوە توانـای تاکـە بـۆ مامەڵەکـردن لەگـەڵ پیـت و وشـە نووسراوەکانـدا، بەسـتنەوەیانە بـە واتـا و شـیکردنەوە و لێکدانەوەیـان بـۆ بەدەسـتهێنانی ئـەو واتایـەی کـە نووسـەر مەبەسـتیەتی. پرۆسـەی خوێندنـەوە و تێگەیشـتن؛ دوو پرۆسـەی بەیەکـەوە پەیوەسـتن بـە جۆرێـک خوێندنـەوە بەبـێ تێگەیشـتن پرۆسـەیەکی ناتـەواوە. کاتێـک خوێندنـەوە ئامانجـی خـۆی دەپێکێـت، ئەگـەر هاتـوو خوێنـەر بتوانێـت لـە واتـای دەقەکـە تێبـگات و لـە هـزری خۆیـدا لێکدانـەوە و شـیکردنەوەی بـۆ بـکات. چەمـکی "خوێندنـەوە بـە تێگەیشـتن"

لـە لایـەن پسـپۆڕانی بـوارە جیاجیاکانـەوە پێناسـەی جیاجیـای بـۆ کـراوە، لەوانـە:

تێگەیشـتن لـە خوێندنـەوە بریتییـە لـە کـرداری بەیەکەوەبەسـتنی ئەزمـوونی خوێنـەر بـە هێما نووسراوەکانـەوە، ئـەم بەیەکەوەبەسـتنەش بریتییـە لـە دۆزینـەوەی واتـا لـە ڕێگـەی دەوروبـەر و ڕێکخسـتنی بیرۆکـە خوێـنراوەکان (زهـران، ٢٠٠٧: ٣٧٠). یـان بـەوە پێناسـە دەکرێـت: ئـەو کردارەیـە کـە قوتابـی بـە تێکەڵبوونێـکی ئەرێنـی تێکەڵـی دەقەکـە نووسراوەکـە دەبێـت، بـە بەکارهێنـانی ئەزمـوونی پێشـووی بـۆ بەیەکەوەبەسـتنی دروسـتی نێـوان هێـما و واتـاکان و بەدەسـتهێنانی واتایـەکی گونجـاو لـەم چوارچێوەیـەدا، ڕێکخسـتنی واتـاکانی نـاو دەقەکـە و دەستنیشـانکردنی ڕاسـتیی بیرۆکـە و بۆچوونـەکان و ڕێکخسـتن و جیاکردنەوەیـان، لـە کۆتاییـدا دەبێتـە ئەزموونێـکی نـوێ، لەوانەیـە لـە بارودۆخـە جیاجیـاکانی ژیـانی لـە ئێسـتا و داهاتـوودا بـەکاری بهێنێـت (حافـظ، ٢٠٠٨: ١٥٩). یـان وا لێـک دەدرێتـەوە کـە: کـرداری بیرکردنـەوەی فـرە ڕەهەنـدە، بریتییـە لـە کارلێکـردن لـە نێـوان خوێنـەر و دەق و دەوروبـەر. تێگەیشـتن کردارێـکی سـتراتیژییە کـە خوێنـەر دەتوانێـت واتـای دەقـە نووسراوەکـە بەدەسـت بهێنێـت و پوختـی بکاتـەوە، ئەمـەش کردارێـکی ئاڵـۆزە پێویسـتی بـە هاوهانگیـی کۆمەڵێـک سـەرچاوەی زانیـاری هەیـە کـە بەیەکـەوە پەیوەسـتن (شـحاتە و اخـرون، ٢٠٠٣: ٢٣٢).

تێگەیشـتن لـە خوێندنـەوە کاتێـک دێتـە ئـاراوە کـە خوێنـەر بتوانێـت بـگات بـە مەبەسـتی نووسـەر، ئەمـەش پەیوەسـتە بـە کۆمەڵـە هۆکارێـک، لەوانـە ئامادەباشـی و کارامەیـی خوێنـەر و ئەزمـوونی خوێنـەر و جـۆری دەق و ژینگـەی خوێندنـەوە و جـۆری خوێندنەوەکـە و سـتراتیژی خوێندنـەوە شـارەزا بێـت. هەمـوو ئـەو هۆکارانـە کار دەکەنـە سـەر ڕادەی تێگەیشـتن لـە دەق، چونکـە سـەرەتای دەسـتپێکردنی پرۆسـەی خوێندنـەوە گرنگـە خوێنـەر لـە ڕووی دەروونییـەوە ئامـادە بێـت و جـۆری دەقەکـەش گرنگـە، ئـەو دەقانـەی ئاسـانن و نووسـەر بـە زمانێـکی سـادە و ڕاستەوخۆ بیرۆکـەکانی داڕشـتووە تێگەیشـتنیان ئاسـانترە، ئەزمـوون و پاشـخانی زانیاریـی خوێنەریـش گرنگـە بـۆ کردنـەوەی کـۆدەکانی دەقەکـە، هەروەهـا ژینگـەی خوێندنەوەکـە گرنگـە کـە تـا چەنـد ژینگەیـەکی لەبـار و ئارامـە، جگـە لەمـە جـۆری خوێندنەوەکـە گرنگـە کـە بـە بێدەنگـی دەخوێنێتـەوە یـان بـە دەنـگ دەخوێنێتـەوە بـۆ کەسـانی دەوروبـەری، چونکـە خوێنـەر ئاسـوودەترە ئەگـەر بـە بێدەنگـی دەقەکـە بـۆ خـۆی بخوێنێتـەوە و کەمـتر پاڵەپەسـتۆی لەسـەرە، ئەمـەش وا دەکات وردتـر لـە دەقەکـە بڕوانێـت و قووڵـتر بچێتـە نـاو دەقەکـە. هەروەهـا گرنگـە خوێنـەر شـارەزای سـتراتیژی خوێندنـەوە و کورتکردنـەوەی واتـا بێـت تاکـوو بـە ئاسـانی بـگات بـە واتـای دروسـتی دەقەکـە و تێیبـگات. جگـە لـەم هـۆکارە گشـتییانە، چەندیـن هـۆکاری تـر هـەن کـە تایبەتـن بـە تایبەتمەندیـی کەسـەکان لـە کاتی خوێندنـەوەدا.

**١-٢. میکانیزمی پرۆسەی تێگەیشتن لە مێشکدا**

تێگەیشـتن دوو واتـای بـڵاوی هەیـە، یەکەمیـان پرۆسـەیەکی ئەقڵییـە کـە لـە ڕێگەیـەوە گوێگـر ئـەو دەنگانـە جیـا دەکاتـەوە کـە قسـەکەر دەریاندەبڕێـت و بەکاریـان دەهێنێـت بـۆ ئـەوەی ئـەو بیرۆکانـە دابڕێژێـت و لێـک بداتـەوە کـە قسـەکەر دەیەوێـت بیگەیەنێـت. بـە واتایـەکی سـادەتر: تێگەیشـتن بریتییـە لـە کـرداری هەڵهێنجـانی واتـا لـە دەنگـەکان (سـید یوسـف، ١٩٩٠: ٦٨). مێشـکی مـرۆڤ لـە دوو بـەش پێـک دێـت (نیـوەی لای چـەپ و نیـوەی لای ڕاسـت)، هەریـەک لـەم دوو نیـوە بەشـەش بـۆ چـوار بـەش دابـەش کـراوە، یەکێـک لـەم بەشـانە ناوچـەی "ڕۆناڵـد"ە کـە تایبەتـە بـە پرۆسـەی قسـەکردن و جووڵـەی ئەندامـانی ئاخاوتـن. ناوەنـدی زمانیـش لـە مێشـکدا پێـک دێـت لـە ناوچـەی "بـرۆکا"، ئـەم ناوچەیـە بەرپرسـە لـە ڕاپەڕانـدنی قسـەکردن لـە ڕووی جووڵانـەوە و ڕۆنانـی وشـە و ڕسـتە و نیشـانەکانی کۆکردنـەوە و هەڵبـژاردنی وشـە ئەرکییـەکان (دزەیـی، ٢٠١٤: ٥٧-٥٨). ناوچـەی "ڤێرنیـکا"، ئـەم ناوچەیـە بەرپرسـە لـە تێگەیشـتنی زمـان، چ دەربـڕاو بێـت یـان نـووسراو، دەکەوێتـە نیـوەی لای چەپـی مێشـک. جگـە لەمـە، ئـەم ناوچەیـە دەسـت دەگرێـت بەسـەر بەرهەمهێنـی زمـانی ئامـاژە (کعـواش، ٢٠٢٠: ٨٨-٨٩). کـردەی تێگەیشـتن لـە مێشـکدا کردەیـەکی ئاڵـۆزە، زانایـانی بـواری زمانەوانیـی دەروونـی تـا ئێسـتاش بەردەوامـن لـە لێکۆڵینـەوە لـە سـەر چۆنیەتیـی بەرهەمهێنـان و وەرگرتنـی زمـان و

بەئەنجامگەیانــدنی کــردەی تێگەیشــتن، بــەڵام لێکۆڵەرانــی ئــەم بــوارە کۆکــن لــە ســەر ئــەوەی کــە کرداری وەرگرتــن و بەرهەمهێنــانی زمــان بــە چەنــد قۆناغێــک تێپــەڕ دەبێــت، وەک: قۆناغــی وەرگرتنــی وشــەی دەربــڕاو یــان نــووسراو و قۆناغــی چارەســەرکردن و قۆناغــی نــاردن و بەرهەمهێنــانی زمــان (احمــد، بــدون ســنة: ١٣١-١٣٢).

کــردەی تێگەیشــتن دەســت پــێ دەکات دوای وەرگرتنــی وشــەیەکی درکێــنراو یــان نــووسراو کــە لــە لایــەن قســەکەرەوە دەنێردرێــت. لــە حاڵــەتی وەرگرتنــی وشــەیەکی درکێــنراو لــە ڕێگــەی گوێیەکانــەوە، لــە شــێوەی شــەپۆلی دەنــگ دەگوازرێتــەوە بــۆ پــەردەی گوێیــەکان و لەوێشــەوە بــۆ گوێــی ناوەڕاســت و نــاوەوە کــە لــە ڕێگــەی ئامــاژە دەمارییەکانــەوە دەگوازرێتــەوە بــۆ مێشــک (احمــد، بــدون ســنة: ١٣١-١٣٢)، بــەڵام لــە حاڵــەتی وەرگرتنــی وشــەی نــووسراو لــە ڕێگــەی چاوەکانــەوە، کــە ئــەم ناوچەیــە بەرپرســە لــە ناوچــەی "هەســتی بیــنراو" کــە بەرپرســە لــە واتــای وشــە بیــنراوەکان، واتــە ئــەو هێــما زمانییانــەی دەیانخوێنێتــەوە، ئــەوا ئــەو ناوچەیــە هەڵدەســتێت بــە وەرگرتــن و هەســتکردنی بینیــن لــە ڕێگــەی چاوەکانــەوە و لــە ڕێگــەی دەمــاری بینینــەوە کــە دەیگوازێتــەوە بــۆ ناوچــەی "ڤێرنیــکا" (عبدالقــوی، ٢٠١٠: ١٢٥). ئــەو ناوچەیــەی بەرپرســە لــە بینیــن بــە توێکڵــی هێڵــدار نــاسراوە، ئــەم توێکڵــی بینینــە کلیلــی خوێندنــەوەی وشــەکان و یەکــە زمانییــەکان و ناســینەوەی کەرەســتەکانە وەک هەنــگاوی یەکــەم لــە ناونــانی شــتەکاندا (بــن شــهدا، ٢٠١٥: ٢٣٢). هەروەهــا ئەقڵــی مــرۆڤ دەکرێــت بــە دوو بەشــەوە، لای چەپــی ئەقڵــی مــرۆڤ ئەقڵــی ئاگایــی پــێ دەگوترێــت کــە پەیوەســتە بــە بابــەت و لۆژیــک و درک بــە "هــۆ - ئەنجــام" دەکات و زانیــاری لــە ڕێگــەی هەســتەکانەوە وەردەگرێــت و بەرامبــەری دەکات لەگــەڵ زانیارییەکانــی پێشــوو و بەراوردیــان دەکات و شــییان دەکاتــەوە و ئەنجــام بەدەســت دێنێــت، بــەڵام ئەقڵــی بێئاگایــی تایبەتــە بــە خــود و جیهانــی نــاوەوەی مــرۆڤ و لۆژیــک نازانێــت (دزەیــی، ٢٠١٣: ٨٧).

**١-٢. ئاستەکانی تێگەیشتنی دەق**

ســەبارەت بــە دیاریکــردنی ئاســت و شــێوازەکانی تێگەیشــتن لــە خوێندنــەوە، پســپۆڕان ئاســتەکانی تێگەیشــتن بــە چەنــد شــێوازێک پۆلێــن دەکــەن، لەوانــە "کالاهــان و کلارک" ئاســتەکانی تێگەیشــتن بــۆ ســێ ئاســت (خوێندنــەوەی دێــڕەکان و خوێندنــەوەی نێــوان دێــرەکان و خوێندنــەوەی پشــت دێــڕەکان) دابــەش دەکــەن. مەبەســت لــە ئاســتی یەکــەم بنەمــای تێگەیشــتنە، کــە بــە واتــای تێگەیشــتنی زارەکیــی وشــەکان و ڕســتە و پێکهاتەکانــە، ئاســتی دووەمیــش بــە گــەڕان بــەدوای بەڵگــە و بڕیــاردان و لێکدانــەوە و ئەنجامەکانــە و ئاســتی ســێیەم توانــای پێشــبینیکردن و ئــەو خاڵانــەی نووســەر باســی نەکــردوون (مفلــح، ٢٠٠٥: ٢٧٨).

هەندێک لە پسپۆڕانی تر پۆلێنی دەکەن بۆ:

- تێگەیشــتنی بنەڕەتیــی خوێندنــەوە: کــە دەستنیشــانکردنی واتــای وشــەکان و بیرۆکــەی گشــتیی بابەتەکــە و بیرۆکــە لاوەکییــەکان و خوێندنــەوەی وشــە و گرافــەکان دەگرێتــەوە.

- تێگەیشــتنی ناڕاســتەوخۆ: کــە دەســتکەوتنی واتــا ناڕاســتەوخۆکان و دەستخســتنی واتــای وشــەکان لــە ڕێگــەی دەوروبــەر و دیاریکــردنی ئــەو ڕێکخســتنەی کــە نووســەر بەدوایــدا دەگەڕێــت، هەروەهــا بەراوردکــردنی کەرەســتە هاوشــێوەکان و جیــاوازەکان و جیاکردنــەوەی ئــەو بیرۆکانــەی کــە بابەتەکــە لەخــۆی دەگرێــت و ئــەو بیرۆکانــەی دوورن لــە بابەتەکــە و دەستنیشــانکردنی ڕســتە ســەرەتاییەکان دەگرێتــەوە.

- تێگەیشــتنی ڕەخنەگرانــە: دۆزینــەوەی دیــدگای توێــژەر و جیاکردنــەوەی ڕاســتی لــە بۆچــوون، دەربڕینــی بۆچــوونی خوێنــەر لــە ســەر ئــەو شــتانەی کــە دەیخوێنێتــەوە و بڕیــاردان لــە ســەری، هەروەهــا دیاریکــردنی پەیوەندیــی نێــوان هــۆکار و کاریگــەری و هەڵســەنگاندنی بەڵگــەکان (ســلیمە، ٢٠١٣: ١٥٨). هەندێــکی تــر ئاســتەکانی تێگەیشــتن بــۆ ســەر چەنــد ئاســتێکی تــر دابــەش دەکــەن، وەک:

- ئاســتی وشــە: ئــەم ئاســتە بریتییــە لــە دیاریکــردنی واتــای وشــەکان و ئــەو واتایــەی کــە وشــەکە گوزارشــتی لــێ دەکات، زانینــی دژواتــای وشــەکە و پەیوەندیــی لەگــەڵ وشــەکەدا، پۆلێنکــردنی وشــەکان بــۆ کۆمەڵــەی لەیەکچــوو.

- ئاســتی ڕســتە: ئــەم ئاســتە بریتییــە لــە دەستنیشــانکردنی مەبەســتی ڕســتەکان و تێگەیشــتن لــە واتــای ڕســتەکان و بەســتنەوەیان بــەو واتایــەی کــە لەگەڵــی دەگونجێــت و درککــردن بــە پەیوەندیــی دروســتی نێــوان ڕســتەکان و جــۆری

پەیوەندییەکـە و توانـای پۆلێنکـردنی ڕسـتەکان بـە گوێـرەی بیرۆکـە و بۆچوونـەکانی ڕسـتەکان.

- ئاسـتی بڕگـە (پەرەگـراف): واتـە درککـردن بـە مەبەسـتی بڕگـە و دەستنیشـانکردنی بیرۆکـەی سـەرەکی و توانـای دەستنیشـانکردنی ناونیشـانێکی گونجـاو بـۆ بڕگەکـە و هەڵسـەنگاندنی بیرۆکـەکان، درککـردن بـە بیرۆکـەکانی نێـوان دێـڕەکانی (جـاب اللـە، ١٩٩٦).

**١-٤. ئەو هۆکارانەی کار دەکەنە سەر کرداری تێگەیشتن**

چەنـد هۆکارێـک کار دەکەنـە سـەر کـرداری تێگەیشـتن لـە خوێندنـەوەی دەقـدا، لەوانـە:

**یەکەم: خوێنەر**

مەبەسـت لـە ئامادەباشـیی لایـەنی دەروونی و جەسـتەیی خوێنـەرە لـە کاتی خوێندنـەوەدا.

**دووەم: دەق**

جـۆری دەق لـە ڕووی ئاسـانی و گرانییـەوە. ئاسـتی ئاسـانیی دەق پشـت دەبەسـتێت بـە کارلێکـردنی نێـوان زانیارییـەکانی نـاو دەقەکـە و توانـاکانی خوێنـەر، کـە دەتوانێـت فۆرمـی دەقەکـە (ئاسـانە یـان گرانـە) و تایبەتمەندییـەکانی دەقەکـە دیـاری بـکات. تێگەیشـتن لـە دەق پشـت دەبەسـتێت بـەوەی تـا چەنـد دەقەکـە ڕوونـە و گونجـاوە لەگـەڵ زانیارییـەکانی خوێنـەردا (الشریقـی، ٢٠٢١: ٤٣٤).

**سێیەم: جۆری خوێندنەوە**

بێگومـان جـۆری خوێندنـەوە کاریگەریـی خـۆی لـە سـەر ڕادەی تێگەیشـتنی دەق هەیـە، وەک خوێندنـەوەی بێدەنـگ و خوێندنـەوەی بەدەنـگ، کـە هەریەکەیـان لایـەنی ئەرێنـی و نەرێنیـی خـۆی هەیـە، بـەڵام ئامانـج لـە خوێندنـەوەی بێدەنـگ؛ ئامانجـی تێگەیشـتنە لـە خوێندنـەوە. واتـە بـۆ تێگەیشـتن لـە واتـای دروسـتی دەق، ئامادەبـاشی و ئەزمـوونی خوێنـەر گرنگـە بـۆ مامەڵەکـردن لەگـەڵ دەقەکـە و گەیشـتن بـە مەبەسـتی نووسـەر، ئینجـا جـۆری دەقیـش ڕۆڵـی لـە خێرایـی و ئاسـتی تێگەیشـتنی خوێنـەردا هەیـە کـە خوێنـەر بڕیـاری ئـەوە دەدات دەقەکـە ئاسـانە یـان نـا، ئەویـش لـە ڕێگـەی ڕادەی تێکەڵابـوونی و خوێنـەر لەگـەڵ دەقەکـەدا. هەروەهـا جـۆری خوێندنـەوە کاریگەریـی لـە سـەر توانـای تێگەیشـتن لـە دەق هەیـە و جگـە لەمـەش هەندێـک لـە توێژینـەوەکان ئامـاژە بـە کاریگەریـی خێرایـی خوێندنـەوەش دەکـەن لـە سـەر ڕادەی تێگەیشـتن لـە دەقەکـەدا.

**بەشی دووەم: لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکە**

**ڕێبازی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکـە پشـتی بەسـتووە بـە ڕێبـازی وەسـفیی شـیکاری، کـە لەگـەڵ سروسـتی توێژینەوەکـەدا دەگونجێـت.

**کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

کۆمەڵگـەی توێژینەوەکـە بریتییـە لـە قوتابییانـی بەشـی زمـانی کـوردی، کۆلێـژی زمـان بـۆ سـاڵی خوێندنـی (٢٠٢٢)-٢٠٢١، کـە (١٠٠) قوتابـی بـە نموونـەی توێژینەوەکـە وەرگیـراون، (٥٠ ) لـە ڕەگـەزی نێـر و (٥٠) لـە ڕەگـەزی مـێ، نموونـەکان بـە شـێوەی نموونـەی هەڕەمەکـی لـە قوتابییانـی بەشـی کـوردی/ کۆلێـژی زمـان وەرگیـراون.

**ئامرازی توێژینەوەکە**

بـۆ ئەنجامـدانی لایـەنی مەیدانیـی توێژینەوەکـە، دەقـی چیرۆکێکـە کـە لـە توێژینەوەکـەی "بسـام عبدالخالـق الاسـدی و فـراس حسـن الحسـینی" وەرگیـراوە و وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمـانی کـوردی. توێـژەر ئـەم دەقـەی بـە هەریـەك لـە قوتابییـانی نموونـەی توێژینەوەکـە داوە و لەگـەڵ پێـوانی کاتی خوێندنـەوەی دەقەکـە بـۆ هەریـەک لـە قوتابییـەکان، دواتـر فۆرمـی پرسـیارەکان دراوە بـە قوتابییـەکان بـۆ زانینـی توانـای تێگەیشـتنیان لـە دەقەکـە. کـۆی گشـتیی پرسـیارەکان (١٦) پرسـیار بـوو، هـەر پرسـیارێک (١) نمـرە دانـراوە لـە کاتی وەڵامدانـەوەی ڕاسـت و (٠) لـە کاتی وەڵامدانـەوەی هەڵـەدا.

| ڕەگەز | ژمارەی قوتابییان | کۆی گشتی |
|---|---|---|
| نێر | ٥٠ | ١٠٠ |
| مێ | ٥٠ | |

خشتەی ژمارە (١)

ژمارەی قوتابییان بە پێی ڕەگەز

نموونـەی توێژینەوەکـە بریتییـە لـە (١٠٠) کـەس، کـە (٥٠) لـە ڕەگـەزی "مـێ" و (٥٠) لـە ڕەگـەزی "نێـر" لـە قوتابییـانی بەشـی کوردیـی کۆلێـژی زمـان وەرگیـراون.

**ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوە**

لەم توێژینەوەیەدا سوود لە بەرنامەی ئاماریی "spss" وەرگیراوە، هەریەک لە ئامرازە ئامارییەکانی ناوەندەژمێرەیی "Mean" و تاقیکردنەوەی "t" بۆ یەک نموونە (one sample t-test –) و تاقیکردنەوەی "t" بۆ دوو نموونە ((independent sample T-test) و (correlate)).

**کاتی خایەنراو بۆ خوێندنەوە**

مەبەست لە کاتی خایەنراو ئەو کاتەیە کە هەر قوتابییەک پێویستیەتی بۆ خوێندنەوەی دەقەکە. بە گشتی قوتابییان (١٠) خولەکیان لە بەر دەستدا بوو بۆ خوێندنەوەی دەقەکە، کە هەریەکەیان لە ماوەی ئەم کاتە دیاریکراوەدا دەبوو دەقەکە یەک جار بخوێننەوە، کە زۆرترین کاتی خایەنراو بۆ خوێندنەوە بریتی بوو لە (٩) خولەک. بۆ ئەوەی ئەنجامەکان وردتر بن، کاتەکەمان دابەشی سێ ئاست کرد: ئاستی یەکەم (١-٣) خولەک، ئاستی دووەم (٤-٦) خولەک و ئاستی سێیەم (٧-٩) خولەک. لەم خشتەیەی خوارەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە (٥,٩٪)ی قوتابییەکان خێرایی خوێندنەوەیان لە نێوان (١-٣) خولەکە کە ژمارەیان (٦) قوتابی بوو، (٧٥,٢٪)ی کاتی خایەنراو لە نێوان (٤-٦) خولەک بوو، کە ژمارەیان (٧٦) قوتابییە و (١٧,٨٪) بۆ خوێندنەوەی دەقەکە (٧-٩) خولەکیان پێویست بوو.

| کات | ژمارەی قوتابی | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١-٣ خولەک | ٦ | ٪٥,٩ |
| ٤-٦ خولەک | ٧٦ | ٪٧٥,٢ |
| ٧-٩ خولەک | ١٨ | ٪١٧,٨ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٢)

کاتی خایەنراو بۆ خوێندنەوە

لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە کاتی خایەنراو بۆ خوێندنەوە لە لایەن قوتابییان بە گشتی لە ئاستی ناوەندیدایە، کە (٤-٦) خولەکە لە کۆی (١٠) خولەک.

شێوەی ژمارە (١)

کاتی خایەنراو بۆ خوێندنەوە

سەبارەت بە نمرەی قوتابییان، ئەنجامەکان بەم شێوەیە بوو کە لە خشتەی ژمارە (٣)دا ڕوون کراوەتەوە.

| نمرەی قوتابییان | ژمارەی دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ٤ | ٢ | ٪٢ |
| ٥ | ٥ | ٪٥ |
| ٦ | ٩ | ٪٨,٩ |
| ٧ | ١٦ | ٪١٥,٨ |
| ٨ | ١٤ | ٪١٣,٩ |
| ٩ | ١١ | ٪١٠,٩ |
| ١٠ | ١٨ | ٪١٧,٨ |
| ١١ | ١٢ | ٪١١,٩ |
| ١٢ | ٦ | ٪٥,٩ |
| ١٣ | ٢ | ٪٢ |
| ١٤ | ٢ | ٪٢ |
| ١٥ | ٣ | ٪٣ |
| ١٠٠ | ١٠٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٣)

نمرەی قوتابییانی نموونەی توێژینەوەکە

لە خشتەی ژمارە (٣)دا بۆمان دەردەکەوێت کە بەرزترین نمرەی بەدەستهاتوو بریتییە لە (١٥) کە (٣) جار دووبارە بووەتەوە و ڕێژەکەی (٣٪)ە، نزمترین نمرەش (٤)ە کە (٢) جار دووبارە بووەتەوە بە ڕێژەی (٢٪). بە گشتی نمرەی قوتابییان لە سەرووی ناوەندەوەیە. ئەو قوتابییانەی نمرەکانیان لە سەرووی (٨) نمرەیە لە کۆی (١٦) نمرە، ژمارەیان (٥٤) قوتابییە کە دەکاتە (٥٤٪)ی ئەو قوتابییانەی نمرەکانیان لە خوار (٨)ە، ژمارەیان (٤٦) قوتابییە کە دەکاتە (٤٦٪)، واتە بە گشتی ئاستیان مامناوەندییە.

**خێرایی خوێندنەوەی قوتابییان**

بۆ دۆزینەوەی خێرایی خوێندنەوە لای قوتابییان، پشت بەستراوە بەم هاوکێشە بیرکارییە:

ژمارەی وشەکانی دەقی خوێنراو x ژمارەی لاپەڕەکان

خێرایی خوێندنەوە = ______________


کاتی خایەنراو بۆ خوێندنەوەی دەقەکە (ابوزیادة، ٢٠١٧: ٢٨)

ژمارەی وشەکانی دەقەکە (٨٢٨) x ژمارەی لاپەرەکان ((٣) لاپەرە)، ئینجا دابەشی کاتی خایەنراو بۆ خوێندنەوەی دەقەکە لای هەر قوتابییەک. بە پشتبەستن بەم هاوکێشەی سەرەوە، خێرایی خوێندنەوە لای قوتابییانی نموونەی توێژینەوەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو کە بەسەر هەرسێ ئاستی (ناوەند، باش، زۆر باش) دابەش بوون، کە (١٤) قوتابی ئاستیان "ناوەند" بوو، کە دەکاتە ڕێژەی (١٣,٩٪) و (٣٤) قوتابی خێرایی خوێندنەوەیان ئاستی "باش" بووە کە دەکاتە ڕێژەی (٣٣,٧٪) و (٥٢) قوتابی ئاستی خێرایی خوێندنەوەیان "زۆر باش" بوو کە دەکاتە ڕێژەی (٥١,٥٪)، هەروەک لە خشتەی ژمارە (٤)دا ڕوون کراوەتەوە.

| ئاستەکانی خێرایی خوێندنەوە | ژمارەی دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ناوەند | ١٢ | ٪١١,٩ |
| باش | ١٦ | ٪١٥,٨ |
| زۆر باش | ٥٢ | ٪٧١,٣ |

خشتەی ژمارە (٤)

ڕێژەی سەدیی ئاستەکانی خوێندنەوەی قوتابییان




شێوەی ژمارە (٢)

ئاستی خێرایی خوێندنەوەی قوتابییان

سەبارەت بە کاریگەریی ڕەگەز لە سەر خێرایی خوێندنەوە، ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە ناوەندەژمێرەیی خێرایی خوێندنەوە لای ڕەگەزی نێر بریتییە لە (٢,٧٨) و لای ڕەگەزی مێ بریتییە لە (٢,٤٢) و بەهای (t) دەرهێنراو بریتییە لە (٠,٠٢٠)، بچووکترە لە بەهای خشتەیی کە بریتییە لە (٣,٩٣) و بەهای "p-value" گەورەترە لە ئاستی دەلالەت (٠,٠٥)، ئەمەش مانای وایە کە خێرایی خوێندنەوە هیچ پەیوەندییەکی نییە بە ڕەگەزەوە.

| خێرایی | ڕەگەز | ژمارە | ناوەندەژمێرەیی | بەهای "t" | Sig |
|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | ٥٠ | 2.78 | 1.380 | 0.870 |
| | مێ | ٥٠ | 2.42 | | |

خشتەی ژمارە (٥)

کاریگەریی ڕەگەز لە سەر خێرایی خوێندنەوە

**خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان**

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بخەینە ڕوو و شییان بکەینەوە بە پێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

**ئامانجی یەکەم**

**زانینی ئاستی تێگەیشتنی دەق لای قوتابییانی زانکۆ**

سەبارەت بە ئامانجی یەکەم، بۆ زانینی ئاستی تێگەیشتنی دەق لای قوتابییانی زانکۆ/بەشی کوردی، دوای جێبەجێکردنی لایەنی مەیدانی لە سەر نموونەی توێژینەوەکە کە ژمارەیان (١٠٠) قوتابی بوو، (٥٠) لە ڕەگەزی مێ و (٥٠) نێر، بە گوێرەی ناوەندەژمێریی نمرەی قوتابییان بەم شێوەیە بوو:

| ژمارەی نموونەی توێژینەوەکە | ناوەندەژمێرەی تێگەیشتن | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای "t" |
|---|---|---|---|---|
| 100 | 8.93 | 2.459 | 99 | 3.782 |

خشتەی (٦)

زانینی توانای تێگەیشتی دەق لای قوتابییانی نموونەی توێژینەوەکە

لە خشتەی ژمارە (٦)دا بۆمان دەرکەوت کە ناوەندەژمێرەیی توانای تێگەیشتن لای قوتابییانی بەشی کوردی بریتییە لە (٨,٩٣) کە گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو کە (٨) و بەهای "t" بریتییە لە (٣,٧٨٢) کە گەورەترە لە بەهای خشتەی "t" کە بریتییە لە (١,٩٨)، بۆیە ئەمەش ئەوە دەردەخات کە توانای تێگەیشتنی دەق لای قوتابییانی زانکۆ لە ئاستێکی باشدایە.

**ئامانجی دووەم**

**زانینی ئاستی تێگەیشتنی دەق لای قوتابییان بە پێی ڕەگەز**

| ڕەگەز | ژمارە | ناوەندەژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازا | بەهای "t" |
|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ٥٠ | 9.04 | 2.303 | 98 | 0.446 |
| مێ | ٥٠ | 8.82 | 2.624 | | |

خشتەی (٧)

زانینی ئاستی تێگەیشتنی دەق لای قوتابییان بە پێی ڕەگەز

خشتەی ژمارە (٧) ئەوە دەردەخات کە ناوەندەژمێرەیی ئەو نمرانەی کە قوتابییان بەدەستیان هێناوە بە پێی هەردوو ڕەگەز بەم شێوەیەیە، ڕەگەزی نێر ناوەندەژمێرەیی بریتییە لە (٩,٠٤) و ناوەندەژمێرەیی ڕەگەزی مێ بریتییە لە (٨,٨٢)، کەواتە جیاوازییەکی کەمیان هەیە. بەڵام بەهای "t" کە سوود لە تاقیکردنەوەی "t" بۆ دوو نموونە وەرگیراوە، بەهاکەی بریتییە لە (٠,٤٤٦) کە بچووکترە لە بەهای خشتەیی "t"، ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە توانای تێگەیشتن بە پێی ڕەگەز جیاوازیی نییە، واتە ڕەگەز کار ناکاتە سەر توانای تێگەیشتن لای نموونەی توێژینەوەکە.

**ئامانجی سێیەم**

**زانینی پەیوەندیی توانای تێگەیشتنی دەق بە خێرایی خوێندنەوە**

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، هاوکێشەی پەیوەستی "person" بەکار هێنراوە بۆ زانینی پەیوەندیی توانای تێگەیشتنی دەق بە خێرایی خوێندنەوە، بۆمان دەرکەوت کە هاوکێشەی پەیوەستی لە نێوان توانای تێگەیشتنی دەق و خێرایی خوێندنەوەدا بریتی بوو لە (-٠,١٢٢)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لە ئاستی ئاماری (٠,٠٥) بچووکترە، واتە بە گوێرەی ئەنجامی وەڵامی پرسیارەکانی قوتابییانی نموونەی توێژینەوەکە و ئەو کاتەی کە بۆ خوێندنەوەی دەقەکە پێویستیان بووە، بە سوودوەرگرتن لە هاوکێشەی پەیوەستی "person"، ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە پەیوەندییەکی پێچەوانە لە نێوان توانای تێگەیشتنی دەق و خێرایی خوێندنەوەدا هەیە، واتە تا خێرایی خوێندنەوە زیاتر بێت؛ توانای تێگەیشتن کەمتر دەبێت بە گوێرەی نموونەی توێژینەوەکە.

نمرەی قوتابییان و کاتی خایەنراو بۆ خوێندنەوە و خێرایی خوێندنەوە لای قوتابییانی نموونەی توێژینەوەکە بەم شێوەیە بوو:

| ژ. قوتابی | نمرەی بەدەستهاتوو | کاتی خایەنراو بۆ خوێندنەوە خولەک/ چرکە | خێرایی خوێندنەوە |
|---|---|---|---|
| ١ | 11 | ٩:٣٣ | ناوەند |
| ٢ | 15 | ٦:٤٣ | باش |
| ٣ | 9 | ٥:٣ | باش |
| ٤ | 8 | ٤:٤٥ | زۆر باش |
| ٥ | 7 | ٦:٣ | باش |
| ٦ | 10 | ٤:٣٢ | زۆر باش |
| ٧ | 13 | ٦:١٢ | باش |
| ٨ | 5 | ٣:٥٥ | زۆر باش |
| ٩ | 12 | ٦:١٤ | باش |
| ١٠ | 6 | ١٠:٢ | ناوەند |
| ١١ | 11 | ٩:٢١ | ناوەند |
| ١٢ | 11 | ٤:٤٢ | زۆر باش |
| ١٣ | 9 | ٧:٢٢ | باش |
| ١٤ | 5 | ٥:١٢ | زۆر باش |
| ١٥ | 4 | ٩:١١ | ناوەند |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٦ | 11 | ٨:١٣ | ناوەند |
| ١٧ | 9 | ٥:٢١ | زۆر باش |
| ١٨ | 9 | ٧:٢٢ | باش |
| ١٩ | 7 | ٤:١ | زۆر باش |
| ٢٠ | 10 | ٤:١١ | ناوەند |
| ٢١ | 7 | ٦:٢١ | باش |
| ٢٢ | 7 | ٥:٣١ | باش |
| ٢٣ | 8 | ٤:٩ | زۆر باش |
| ٢٤ | 8 | ٤:٤٣ | زۆر باش |
| ٢٥ | 10 | ٤:١٢ | زۆر باش |
| ٢٦ | 6 | ٤:٣٤ | ناوەند |
| ٢٧ | 10 | ٥:٣٦ | زۆر باش |
| ٢٨ | 9 | ٨:١٨ | ناوەند |
| ٢٩ | 8 | ٤:١٩ | زۆر باش |
| ٣٠ | 10 | ٥:١٧ | زۆر باش |
| ٣١ | 7 | ٤:١٦ | زۆر باش |
| ٣٢ | 6 | ٧:٢٣ | باش |
| ٣٣ | 11 | ٥:١١ | باش |
| ٣٤ | 10 | ٥:٣٢ | زۆر باش |
| ٣٥ | 6 | ٦:١٩ | باش |
| ٣٦ | 10 | ٥:١٧ | زۆر باش |
| ٣٧ | 8 | ٤:٣٤ | زۆر باش |
| ٣٨ | 8 | ٥:١٣ | باش |
| ٣٩ | 7 | ٤:١٠ | باش |
| ٤٠ | 8 | ٦:٢ | باش |
| ٤١ | 7 | ٦:١٤ | باش |
| ٤٢ | 12 | ٦:٢١ | باش |
| ٤٣ | 10 | ٥:١٧ | زۆر باش |
| ٤٤ | 12 | ٩:٢٢ | ناوەند |
| ٤٥ | 11 | ٦:١٢ | باش |
| ٤٦ | 15 | ٥:٢٧ | زۆر باش |
| ٤٧ | 9 | ٤:١٣ | زۆر باش |
| ٤٨ | 7 | ٦:١٥ | زۆر باش |
| ٤٩ | 6 | ٤:٢٠ | زۆر باش |
| ٥٠ | 10 | 9:33 | باش |
| ٥١ | 13 | 9:30 | باش |
| ٥٢ | 5 | 3:52 | زۆر باش |
| ٥٣ | 12 | 6:00 | زۆر باش |
| ٥٤ | 6 | 10:14 | زۆر باش |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٥٥ | 11 | 9:00 | ناوەند |
| ٥٦ | 10 | 4:40 | زۆر باش |
| ٥٧ | 9 | 7:23 | زۆر باش |
| ٥٨ | 4 | 5:18 | زۆر باش |
| ٥٩ | 4 | 9:00 | ناوەند |
| ٦٠ | 11 | 8:20 | ناوەند |
| ٦١ | 9 | 5:27 | زۆر باش |
| ٦٢ | 9 | 7:25 | زۆر باش |
| ٦٣ | 7 | 4:6 | زۆر باش |
| ٦٤ | 10 | 4:9 | زۆر باش |
| ٦٥ | 7 | 6:20 | زۆر باش |
| ٦٦ | 14 | 7:20 | زۆر باش |
| ٦٧ | 8 | 4:10 | زۆر باش |
| ٦٨ | 8 | 4:40 | زۆر باش |
| ٦٩ | 10 | 4:47 | زۆر باش |
| ٧٠ | 7 | 4:37 | زۆر باش |
| ٧١ | 10 | 5:30 | زۆر باش |
| ٧٢ | 9 | 8:20 | ناوەند |
| ٧٣ | 8 | 4:22 | زۆر باش |
| ٧٤ | 10 | 5:15 | زۆر باش |
| ٧٥ | 7 | 4:12 | زۆر باش |
| ٧٦ | 6 | 7:21 | زۆر باش |
| ٧٧ | 11 | 5:21 | زۆر باش |
| ٧٨ | 10 | 5:29 | زۆر باش |
| ٧٩ | 6 | 6:16 | زۆر باش |
| ٨٠ | 10 | 5:8 | زۆر باش |
| ٨١ | 8 | 4:30 | زۆر باش |
| ٨٢ | 8 | 5:11 | زۆر باش |
| ٨٣ | 8 | 5:12 | زۆر باش |
| ٨٤ | 7 | 4:1 | زۆر باش |
| ٨٥ | 8 | 6:4 | زۆر باش |
| ٨٦ | 12 | 6:21 | زۆر باش |
| ٨٧ | 10 | 5:12 | زۆر باش |
| ٨٨ | 11 | 6:12 | زۆر باش |
| ٨٩ | 15 | 5:25 | زۆر باش |
| ٩٠ | 9 | 4:13 | زۆر باش |
| ٩١ | 8 | 4:11 | زۆر باش |
| ٩٢ | 7 | 6:15 | زۆر باش |
| ٩٣ | 6 | 4:22 | زۆر باش |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٩٤ | 10 | 9:37 | ناوەند |
| ٩٥ | 5 | 4:0 | زۆر باش |
| ٩٦ | 12 | 6:17 | زۆر باش |
| ٩٧ | 11 | 9:12 | ناوەند |
| ٩٨ | 10 | 4:44 | زۆر باش |
| ٩٩ | 7 | 4:6 | زۆر باش |
| ١٠٠ | 7 | 4:33 | زۆر باش |

خشتەی ژمارە(٨)

نمرەی قوتابییان و کاتی خایەنراو و خێرایی خوێندنەوە

**ئەنجام**

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

١. توانای تێگەیشتنی دەق لای قوتابییانی نموونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی زۆر باشدایە، ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر سروشتی دەقەکە کە واتای پراگماتیکیی تێدا نەبوو و واتاکانی سیمانتیکی (ڕاستەوخۆ) بوون، ئەمەش کاریگەریی هەبوو لە سەر ئەوەی کە قوتابییانی نموونەی توێژینەوەکە بە ئاسانی تێبگەن. واتە جۆری دەق ڕۆڵی گرنگی لە سەر توانای تێگەیشتن هەیە، هەروەها سروشتی پسپۆڕێتیی قوتابییان کە بەشی کوردی بوو، لەگەڵ سروشتی دەقەکە کە چیرۆک بوو گونجاو بوو، تا ڕادەیەکی باش قوتابییەکانی نموونەی توێژینەوەکە شارەزاییان هەبوو لە چیرۆک و تایبەتمەندییەکانی چیرۆک، کە وەک بابەتێک لە بەشەکەیان دەیخوێنن.

٢. خێرایی خوێندنەوە لای قوتابییانی نموونەی توێژینەوەکە لای هەردوو ڕەگەز، کە بە پێی ناوەندەژمێرەیی هەردوو ڕەگەز کە ناوەندەژمێرەیی ڕەگەزی نێر (٢,٧٨) و ناوەندەژمێرەیی ڕەگەزی مێ (٢,٤٢)، کە جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە، بەمەش ڕەگەز کاریگەریی نییە لە سەر خێرایی خوێندنەوە لای قوتابییانی نموونەی توێژینەوەکە. لە بەر ئەوەی قوتابییانی نموونەی توێژینەوەکە بە هەردوو ڕەگەزەوە، هەموویان لە هەمان بەشی زانستی بوون و لە هەمان ژینگەی خوێندنن، بۆیە ڕەگەز کار ناکاتە سەر توانای تێگەیشتن.

٣. خێرایی خوێندنەوە کاریگەریی نییە لە سەر توانای تێگەیشتن، تەنانەت بە گوێرەی نموونەی توێژینەوەکە پەیوەندییەکی پێچەوانە لە نێوان خێرایی خوێندنەوە و توانای تێگەیشتندا هەیە. واتە بە گشتی تا خێرایی خوێندنەوە زیاتر بێت، توانای تێگەیشتن کەمتر دەبێت لای قوتابییانی نموونەی توێژینەوەکە، چونکە هەر چەند خێرایی خوێندنەوە زیاتر بێت، ئەوا قوتابی کەمتر دەتوانێت لە سەر واتاکان بوەستێت و لە دەقەکە ورد بێتەوە، ناتوانێت باشتر لە واتای دەقەکە بگات، بۆیە باشترە دەق لەسەرخۆ بخوێنرێتەوە تاکوو تێگەیشتنی باشتر بێتە ئاراوە.

**سەرچاوەکان:**


١. دزەیی، عبدالواحد مشیر (٢٠١٤)، زمانەوانیی دەروونی، هەولێر.
٢. دزەیی، عبدالواحد مشیر (٢٠١٣)، پرۆگرامکردنی زمانەوانیی دەماری، چاپی یەکەم، چاپخانەی دارا، هەولێر.
٣. احمد، عطیة سلیمان، (بدون سنة)، اللسانیات العصبیة اللغة في الدماغ (رمزیة – عصبیة –عرفانیة).
٤. ابوزیادة، اسراء محمد نافذ ادریسي (٢٠١٧)، أثر توظیف استراتیجیة (لید) في تنمیة مهارات سرعة و فهم القراءة لدى طلبة الصف الرابع الاساسي في غزة.
٥. بن شهداء، محمد اسماعیل (٢٠١٥)، انتاج اللغة في الدماغ (دراسة علم النفس العصبي)، لسان الضاد، دوریة اللغة العربیة تعلمها و ادبها، الملد ٢٠، العدد ١٠، اندنوسیا.
٦. جاب اللة، علي محمد (١٩٩٦)، تنمیة بعض مهارات الفهم القرائي لدى طلاب الصف الثاني العام، مجلة كلیة التربیة البحوث مؤتمر تربیة الغد، جامعة الامارات العربیة المتحدة.
٧. حافظ، وحید السید (٢٠٠٨)، فاعلیة استخدام استراتیجیة التعلیم التعاوني الجمعي و استراتیجیة (k-w-L) في تنمیة مهارات الفهم القرائي لدي تلامیذ الصف السادس الابتدائي بالمملكة العربیة السعودیة، مجلة القراءة و المعرفة – جامعة عین الشمس عدد (٧٤).
٨. زهران، حامد (٢٠٠٧)، المفاهیم اللغویة عند الاطفال اسسها و مهارات تدریسها، عمان.
٩. سید یوسف، جمعة (١٩٩٠)، سیكولوجیة اللغة و المرض العقلي، سلسلة عالم المعرف، سلسلة (١٤٥).
١٠. سلیمة، لعطوي (٢٠١٣)، الفهم القرائي استراتیجیاته و صعوبات

تعلمـه، مجلـة دراسـات النفسـية و تربويـة، العـدد ١١، الجزائـر.
١١. الشريقـي، مرتـضى محسـن عبـاس (٢٠٢١)، مهـارات الفهـم القـرائي و علاقتهـا بـذكاء اللغـوي عنـد الطـلاب مرحلـة الاعداديـة، مجلـة كليـة التربيـة، جامعـة واسـط، عـدد الرابـع و الاربعـون، جـزء الثـاني.
٢١. شـحاته، حسـن و النجـار، زينـب (٢٠٠٣)، معجـم المصطلحـات التربويـة و النفسـية، الـدار المصريـة اللبنانيـة، القاهـرة.
١٣. كعـواش، أمـال (٢٠٢٠)، فيسـيولوجية اللغـة و الياتهـا العمليـة مـن منظـور اللسـانيات العصبيـة، مجلـة الاداب و الحضـارة الاسـلامية، مجلـد ١٢، العـدد ٢٥.
١٤. عبدالقـوي، سـامي (٢٠١٠)، علـم النفـس العصبـي الاسـس و طـرق التعليـم، ط٢، مكتبـة الانجلـو المصريـة.
١٥. مفلـح، غـازي (٢٠٠٥)، فاعليـة التعلـم التعـاوني في تنميـة بعـض المهـارات الفهـم القـرائي لـدى طـلاب الصـف الثامـن الاسـاسي، مجلـة جامعـة دمشـق، مجلـد ٢٢، العـدد الاول، سـوريا.
١٦. مجـاور، محمـد صـلاح الديـن عـلي (٢٠٠٠)، تدريـس اللغـة العربيـة في المرلـة الثانويـة اسسـه و تطبيقاتـه التربويـة، دار الفكـر العـربي، القاهـرة .

**پاشکۆ (١)**

دەقی چیرۆکەکە

چیرۆکی بابلی لە سەردەمی حامورابی

چـوار هــەزار سـاڵ لەمەوبــەر، خاکـی عێـراق یـان وڵاتی دوو ڕووبارەکـە، دابـەش کرابـوو بەسـەر چەنـد ویلایەتێـکی بچووکـی شـەرکەر، پاشـای شەشـەم (حامورابـی) یەکـی خسـتن، دەوڵەتێـکی بابلیـی بەهێـزی دامەزرانـد کـە پایەتەختەکـەی شـاری "بابـل" بـوو، تـا ئێسـتاش پاشـماوەی لـە نزیـك شـاری "حلـە" مـاوە.

حامورابـی حـەزی لـە چاکسـازی و دادپـەروەری بـوو، گرنگیـی بـە کشـتوکاڵ دەدا، یاسـای خـۆی داڕشـت کـە لـە جیهانـدا بـە کۆنتریـن یاسـا دادەنرێـت، لـە سـەر بەردێـکی گـەورە بـە نـاوی "دیوریـت" نەخشـێنراوە کـە درێژییەکـەی مەتـر و چارەکێکـە و تیرەکـەی شـەش سـەنتیمەترە کـە لـە سـاڵی (١٩٠١) دۆزراوەتـەوە و لـە مۆزخانـەی لۆڤـەر لـە پاریـس پارێـزراوە. لێـرەدا چیرۆکێـک دەخەینـە ڕوو کـە لـە زەمـانی زوودا ڕووی داوە، لـەو کاتـەدا یاسـاکانی حامورابـی جێبەجـێ دەکـران بـۆ چەسـپاندنی دادپـەروەری و یەکسـانی و سـەرکەوتنی ڕاسـتی و سـزادانی تاوانبـاران.

«ئانۆی میهرەبان و ئۆراشی چاوچنۆک»

"ئانـۆ" لەگـەڵ دەنگـی دەرگای ماڵەکـەی لـە خـەو هەسـتا، بـە تەنبەڵـی و خەواڵوویـی دەرگاکـەی کـردەوە، "ئـۆراش" لـە بەردەمیـدا بـە زەردەخەنەیـەکی فێڵبازانـەوە وەسـتابوو.

- بەیانیت باش، ئانۆ!

- بەیانیـت بـاش بەڕێـز ئـۆراش، بـەم بەیانییـە چـی تـۆی هێنـاوە بـۆ ئێـرە؟

- زەوییەکـەت... ناتەوێـت بـە منـی بفرۆشـیت؟ مـن پێشـتر ئـەم پێشـنیارەم بـۆ کردیـت.

ئانـۆ بێدەنـگ بـوو، تـووڕە بـوو و هـاواری کـرد و دەرگاکـەی بـە ڕووی ئۆراشـدا دا: "زەوییەکـەم نافرۆشـم... تێگەیشـتی؟"

ئانـۆ دەبووایـە زەوییەکـەی خـۆی ئامـادە بـکات بـۆ چانـدن و تۆوکردن. نانێـکی خـوارد و مشـتێک خورمـای خسـتە نـاو جانتاکـەی و تەورەکـەی هەڵگـرت و ماڵەکـەی جـێ هێشـت. ئـەو دەبووایـە لـە شـەقامەکە بپەڕێتـەوە، بـە درێژایـی تـاوەری بابـل ببڕێـت تـا لـە پردەکـە بپەڕێتـەوە بـۆ کەنـاری ڕووبـاری فـوڕات کـە زەوییەکـەی دەکەوتـە ئـەو شـوێنە.

لـە دەروازەی شـارەکە ئانـۆ دەچێتـە کۆڵەکـە (مسـلە)ی حامورابـی و هەسـتی بـە ئاسـوودەییەکی قـووڵ کـرد، لـە بـەر خۆیـەوە دەیگـوت: "پاشـای گەورەمـان حامورابـی چییـە! پارێـزەری بێدەسـەڵاتەکان و چەوسـاوەکان... لـە سـایەی دەسـەڵاتی ئـەودا، ئێمـە لـە ئاشـتی و ئارامـی و دڵخۆشـیدا دەژییـن."

کوڕەکـەی (ننتـو) بـەدوای کـەوت و بەیەکـەوە ڕۆیشـتن بـۆ کێـڵانی زەوییەکـە، دوای چەنـد کاتژمێرێـک پشـوویان دا لـە ژێـر سـێبەری دارخورماکـە. قاچـەکانی درێـژ کـرد بـۆ نـاو جۆگەلەکـە کـە کێڵگـەی ئـەوی جیـا دەکـردەوە لـە کێڵگـەی ئۆراشـی دڕنـدە.

دوای چەنـد مانگێـک گوڵەگەنمـەکانی کێڵگـەی ئانـۆ زیـادی کـرد، بەمـەش ڕقـی ئـۆراش زیاتـر بـوو. کاتێـک سـەیری کێڵگـەی ئانـۆی دەکـرد ڕقەکـەی زیاتـر دەبـوو کـە دەیبینـی گوڵەگەنمـەکانی ئانـۆ زەرد بـوون، بـەڵام خـۆی تەنهـا بەشـێکی کێڵگەکـەی چاندبـوو، لـە کاتێکـدا ئانـۆ و کوڕەکـەی دەچـوون بـۆ ئامادەکـردنی داسـەکە بـۆ دروێنـەی زەوییەکەیـان.

بەیانیـی ئـەو ڕۆژە ئانـۆ و کوڕەکـەی بـەرەو کێڵگەکـە چـوون بـۆ دروێنـە، دڵخـۆش بـوون بـە بەرهەمەکەیـان، لـە پردەکـە پەڕینـەوە و لـە کێڵگەکـە نزیـک بوونـەوە، ئانـۆ لـە شـوێنی خـۆی هـاواری کـرد: "کێڵگـە ... کێڵگـە ... بەروبوومەکەمـان فەوتـا! ئـای لـەو کارەسـاتە! ئەمـە بـە ڕاسـتی کارەسـاتە! ئـاو کێڵگەکـە دەبـات و دانەوێڵەکـە لەنـاو دەبـات!" هەروەهـا کوڕەکـەی گـوتی: "گریـان دادمـان نـادا، بانگـی جووتیـارەکان بکەیـن یارمەتیـمان بـدەن، ئێمـە ناتوانیـن بەروبوومەکەمـان ڕزگار بکەیـن، شـۆفێرەکان ڕێـڕەوی ئاوەکـە بکەنـەوە بـۆ نـاو ڕووبارەکـە بـۆ وشـکبوونی ئاوەکـە."

ئانـۆ ڕووی وەرگێـڕا بـەرەو لای ئـۆراش و بـە کینـەوە دەگریـا و هـاواری

بۆ ننتۆ کرد و گوتی: "گریان یارمەتیمان نادات، ئەی ئۆراش سزای سەختت دەبێت، تۆ کێڵگەکەی ئێمەت تێک دا و لە ئاودا نوقمت کرد."

**لە بەردەم دادوەر**

دادوەر سەیری ئانۆی کرد و گوتی: "تۆ ئۆراش تاوانبار دەکەیت بە تێکدانی کێڵگەکەت و زیانگەیاندن بە بەرهەمەکەت، چاوەڕێ دەکەین تا ئۆراش ئامادە دەبێت بۆ دەستپێکردنی دادگایەکە." فرمانی بە پاسەوانەکان دا بۆ ئامادەکردنی، لەم کاتەدا پیرەمێردێک هاتە ژوورەوە، دەستی گەنجێکی گرتبوو، لە بەردەم دادوەردا وەستا و گوتی: "گەورەم، ئەم گەنجە دارێکی بڕیوە لە باخەکەم بەبێ مۆڵەتی من!"

دادوەر پرسیاری لە گەنجەکە کرد: "ئەوەی ئەو پیاوە دەیڵێت ڕاستە؟"

گەنجەکە کڕنووشی برد و گوتی: "بەڵێ گەورەم، پێویستم بەم دارە بوو بۆ ئەوەی بنمیچی خانووەکەمی پێ تەواو بکەم!"

دادوەر سەیری نووسەری دادگای کرد و گوتی: "مادەی پەنجا و نۆ لە یاسای پاشامان ‹حامورابی› بخوێنەوە."

نووسەری دادگاکە سەیری تابلۆ قوڕینەکەی کرد و بە دەنگێکی بەرز خوێندیەوە: "ئەگەر پیاوێک دارێک ببڕێت لە باخی پیاوێکی تر بەبێ مۆڵەتی خاوەنی باخەکە، دەبێت (٥٠٥گم) زیو بدات بە خاوەنی باخەکە."

گەنجەکە کڕنووشی برد و سەری بەرز کردەوە و ڕازی بوو ئەم پێبژاردنە بدات.

پاسەوانەکان هاتنە ژوورەوە، ئۆراش بەدوایاندا دەهات، دەترسا و گوتی: "من بێتاوانم گەورەم، هیچم نەکردووە!"

گەورەی دادگا گوتی: "سمولا شاهیدە کە تۆ شەوی ڕووداوەکە کێڵگەکەت جێ نەهێشتووە، چیت دەکرد لەوێ؟"

ئۆراش بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی: "لەوێ بووم ... لەوێ بووم ... پاسەوانی کێڵگەکە بووم، گەورەم."

دادەور زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی: "ئەگەر تۆ پاساوانی کێڵگەکە بووی، چۆن بەشێک لە کێڵگەکە ئاو بردی! تەنها کێڵگەی ئانۆ ئاو بردی نەک هیی ئەوانی تر! ئەگەر تۆ دەتەوێت بێتاوانیی خۆت بسەلمێنیت، ئەوا دەبێت باز بدەیتە ناو ڕووباری پیرۆز. ئەگەر لێی دەرچووی؛ ئەوا بێتاوانی، ئەگەر پاسەوانەکان ڕزگاریان کردی؛ ئەوا تۆ تاوانباری!"

ئۆراش هەستی بە ترس کرد و گوتی: "چی؟ ڕووباری پیرۆز؟ نا... نا...، من تاوانبارم گەورەم، من ئانۆ قەرەبوو دەکەمەوە لە زیانەکانی!"

گەورەی دادوەران گوتی: "گوێبیستی سزاکەت بە کە لە مادەی پەنجا و پێنج لە یاسای حامورابی هاتووە." نووسەری دادگا خوێندیەوە: "ئەگەر پیاوێک شکست بهێنێت بە کردنەوەی خشتەی ئاودانی زەوی، ڕێگەی دا کێڵگەی دراوسێکەی لافاو بیبات، ئەوا دەبێت بە قەدەر بەرهەمی کێڵگەی دراوسێکەی دانەوێڵەی پێ بدات."

دادوەر گوتی: "لە بەر ئەوەی تۆ کێڵگەی ئانۆت بە ئەنقەست نقوم کرد، دەبێت پێبژاردنەکە بدەیت."

ئانۆ و کوڕەکەی و سمۆلا دڵخۆش بوون، ئانۆ گوتی: "مافمان نافەوتێت لە ژێر سێبەری یاسای پاشامان حامورابی."

**پرسیارەکان:**

پرسیاری یەکەم: ئەو پرسیارانەی لە بەر دەستتدایە بریتییە لە (١٦) بڕگە، هەر بڕگەیەک سێ هەڵبژاردنی هەیە کە یەکێکیان ڕاستە. بڕگەکان بە وردی بخوێنەوە، وەڵامی ڕاست لە ناو بازنەیەکدا دابنێ، بۆ هەر پرسیارێك (١) نمرە.

١- نزیکترین وشە لە چەمکی "زەمانی زوو" بریتییە لە زەمانی:

ئـ ڕابردوو ب. کۆن ج. زۆر کۆن

٢. "پارێزەری لاوازەکان"، "یارمەتیدەری چەوساوەکان"، واتای هاوبەش لە نێوان ئەم دوو دەستەواژەیەدا بریتییە لە:

ئـ بڕیاری دادپەروەرانە ب. یەکسانی لە نێوان خەڵک ج. یەکسانیی لاوازەکان

٣. "ئەمە چ دادپەروەرییەکە"، کاتێک ئەم ڕستەیە دەنووسیت بۆ دەرخستنی سەرسامیی خۆت بە گەڕاندنەوەی ماف، ئەوا نیشانەی گونجاو لە کۆتایی ڕستەکە بریتییە لە:

ئـ خاڵ (.) ب. سەرسوڕمان (!) ج. پرسیار (؟)

٤. "زەوییەکەم نافرۆشم... تێگەیشتی؟"، شێوازی داواکردن لەم ڕستەدا بریتییە لە:

ئـ پرسیاری ب. فرماندان ج. نەرێ

٥. "سەرکەوتنی چەوساوەکان" و "دەسەڵاتی ستەمکار"، پەیوەندیی نێوان ئەم دوو دەستەواژەیە بریتییە لە:

ئـ نزیکایەتی ب. یەکخستن ج. دژ

٦. "مرۆڤ زیاتر سەرکەوتوو دەبێت لە کارەکەیدا ئەگەر نرخاندنی دەوروبەری زیادی کرد"ی پەیوەندیی نێوان سەرکەوتنی ئانۆ سەرەڕای سادەیی و زیادبوونی نرخاندنی جووتیارەکان، پەیوەندییەکە:

ئـ هەندێک جار ئەرێنییە ب. هەموو کات ئەرێنییە ج. بە دەگمەن ئەرێنییە

٧. "ئەگەر نەتەوەیەک دوور خرایەوە لە یاسا و سیستمەکانی، پاشان

بـە بیـرەکانی، ئـەوا ئـەو نەتـەوە بـە زوویـی ئـازاد نابێـت، ئەگـەر لـەم ڕسـتەیەدا "بـە بیـرەکانی" لا بدەیـن، ئـەوا لەوانەیـە ئـەو نەتەوەیـە ئـازادی بەدەسـت بهێنێـت:

ئـ. بـەم زووانـە ب. لـە کاتێـکی دوور ج. کاتێـکی زۆر دوور

٨. "ئەگـەر پیاوێـک دارێـک ببڕێـت لـە باخـی پیاوێـکی تـر بەبـێ مۆڵـەتی خـاوەنی باخەکـە، دەبێـت (٥٠٥گـم) زیـو بـدات بـە خـاوەنی باخەکـە"، ئـەم دەربڕینـە بـە واتـای ئـەوە دێـت کـە:

ئـ. ئـەو یاسـانەی حامورابـی دەریکـردوون یاسـای دادپەروەرانــەن، جیـاوازی نـاکات لـە نێـوان بەهێـز و لاواز.

ب. پابەندبوونە بە دەقی یاساکانی حامورابی نەک بە ڕۆحی یاسا.

ج. نادادپەروەرانەیـە، چونکـە بـۆ چینـی هـەژار لـە کۆمەڵـگا دادپـەروەری نییە .

٩. "ئێـرە ئـەو شـوێنەیە کـە مێـژوو لێیـەوە دەسـت پـێ دەکات"، ئـەم گوزارشـتە هیـی زانـا "س. س. کریمـر"ە، ئـەم دەسـتەواژەیە مانـای ئەوەیـە دەبێـت مـرۆڤ:

ئـ. شوێنی شارستانیەتی باب و باپیرانی بکەوێت.

ب. خاڵـی دەسـتپێکردن دەستنیشـان دەکات بـۆ هەسـتکردن بـە ئامانجەکـەی.

ج. سوود لە ڕابردوو وەردەگرێت بۆ بنیاتنانی داهاتوو.

١٠. "مافەکانمـان نافەوتێـت لـە ژێـر سـێبەری یاسـاکانی حامورابیـدا"، ئـەو چوارچێوەیـەی کـە نووسـەر بیرۆکەکـەی تێـدا بـە کەسـایەتییەکە داوە، چوارچێوەیـەکی:

ئـ. سیاسی ب. ئەقڵی ج. مرۆڤایەتی

١١. ڕسـتەی "یەکـەم یاسـای ئایینـی و یەکـەم سیسـتمی ڕەوشـتی" هاتـووە:

ئـ. لـە ئەنجامـی ئـەوەی پێـش ئـەو ب. ئـەوەی پێشـتر شـی کراوەتـەوە ج. هاوواتـای ئـەوەی پێشـتر

١٢. چیـرۆکی ئانـۆی میهرەبـان و ئۆراشـی چاوچنـۆک دەچێتـە چوارچێوەی چیرۆکێکی:

ئـ. سیاسی ب. کۆمەڵایەتی ج. ڕەوشتی

١٣. ئـەوەی پاڵـی بـە ئانـۆوە نـا بـۆ ئـەوەی دەسـت بـە زەوییەکەیـەوە بگرێـت و ڕەتـی کـردەوە بیفرۆشـێت، بریتییـە لـە:

ئـ. هەستکردن بە پشتگیریی برا جووتیارەکانی.

ب. خۆشەویستیی بۆ زەوییەکەی و دەستپێوەگرتنی.

ج. بـاوەڕی بـە یاسـاکانی حامورابـی هەبـوو کـە بێدەسـەڵاتەکان دەپارێزێـت.

١٤. سیفەتی دژیەکی نێوان ئانۆ و ئۆراش بریتی بوو لە:

ئـ. میهرەبـان و چاوچنـۆک ب. خۆشەویسـتی و ڕق ج. ڕاسـت و هەڵـە

١٥. ئـۆراش سـەرکەوتوو نەبـوو لـە پەنابـردن بـۆ هەڕەشـە و فێڵکـردن، لـە بـەر ئـەوەی:

ئـ. جووتیارێک بوو نەیدەچاند و تەنها دەیبڕێت.

ب. نەیتوانی بپەڕێتەوە لە ڕووباری پیرۆز.

ج. زیرەکیی خۆی لە ڕێگەی ستەمکاری بەکار هێنا.

١٦. لـە میانـەی خوێندنـەوەی چیـرۆکی ئانـۆی میهرەبـان، بڕیـارت لـە سـەر نووسـەری ئـەم چیرۆکـە ئەوەیـە کـە نووسـەر:

ئـ. شـێرگیرە، چونکـە چیرۆکێـکی کۆمەڵایەتیـی پـڕ لـە وانـە و دانایـی خسـتووەتە ڕوو.

ب. مێژوویـیـە، چونکـە چیرۆکێـکی مێژوویـی پێشـکەش کـردووە کـە زانیاریـی بەنرخـی لـە سـەر شارسـتانیەتی حامورابـی تێدایـە.

ج. شارسـتانییە، چونکـە دەیەوێـت لـە بەهـای ڕابـردوو سـرووش وەربگریـن و شارسـتانیەتی باپیـران بناسـین بـۆ بنیاتنـانی داهاتوویـەکی گـەورە.

**ملخص**

**قدرة الطلاب الجامعي على فهم النص**

البحث بعنوان "**قدرة الطلاب الجامعي على فهم النص**"، أخذت العينة من طلبة جامعة صلاح الدين قسم اللغة الكوردية للسنة الدراسية (٢٠٢١- ٢٠٢٢)، لاشك في أن الفهم جزء أساسي في مشروع القراءة وهو الهدف الرئيس، إذ إن أغلب المشاكل التي يعاني منها الطالب في الدراسات الجامعية (في عصرنا هذا) هي الفهم السليم في القراءة، وكان هذا هو السبب الرئيس في اختيارنا لهذا العنوان. وللوصول إلى نتيجة صائبة اعتمدنا في دراستنا هذه على المنهج الوصفي التحليلي.الهدف من هذه الدراسة، هو معرفة قدرة فهم الطالب الجامعي للنص، ومحاولة الإجابة عن مجموعة من الأسئلة: ما مستوى قدرة فهم الطالب الجامعي (قسم اللغة الكوردية)؟ هل هناك علاقة بين سرعة القراءة وقدرة الفهم، وهل هناك علاقة في تلقي (الذكر والأنثى) في فهم القراءة. والذي توصلنا إليه في النتيجة أن قدرة فهم النص عند طلبة القسم الكوردي في كلية اللغات يقدّر بـ"جيد جداً"، هناك علاقة طردية بين سرعة القراءة وقدرة الفهم، وليس للجنس تأثير على قدرة الفهم، وفي نهاية البحث عرضت النتائج وقائمة المصادر والمراجع.

الكلمات المفاتيحية: الفهم، القراءة، النص، سرعة القراءة، قدرة.

## Abstract

The research is entitled (The ability to understand text among university students), students of Salahaddin University, College of Language, Department of Kurdish Language for the academic year (2022-2021) were taken as an example. Comprehension is a key principle and a main goal in the reading process indeed. Nowadays, lack of understanding of reading in the educational process is a problem for many students, that was one of the reasons for choosing this topic for the research. To achieve research results relies on descriptive approach of analysis. The aim of this study is to determine the ability of university students to understand texts and answer several questions: What is the level of text understanding ability of university students – Kurdish department? Is there a connection between reading speed and comprehension ability? Is there a connection between gender (male, female) and comprehension ability? The results showed that the comprehensibility among the students of the Kurdish department of the College of Language is at a very good level and there is no relationship between reading speed and comprehension ability, and

at the end of the research, some results and source lists are given.

Key words : Comprehension , reading , text, speed reading , capability